دکتۆر عەلی ئەلوەردی

کێشەی
شیعەو سوننە

کورتە باسێکی مێژوویی

وەرگێڕانی

عارف کەریم

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

کێشەی شیعە و سوننە – کورتە باسێکی مێژوویی

نوسینی: دکتۆر عەلی ئەلوەردی

وەرگێڕانی: عارف کەریم . ستۆکهۆلم

بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
(١٨٤٩) ساڵی ٢٠١١

لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تایپ: سوهەیلە عبدالوهاب

تیراژ: (١٠٠٠)

ژمارەی زنجیرە: (٤٠٤)

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەدەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەلایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لەبوارە هەمەجۆرەکاندا.

پێشەکی

دەمێك بوو لەپاڵ چاوخشاندن بەلاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا، دەگەڕام بەدوای بابەتێك لەشێوەی وتار، لێکۆڵینەوە، توێژینەوە لەسەر کێشەی شیعەو سوننە کە گەورەترین کێشەی سەردەمە لەعێراقدا لەدوای کێشەی کورد، بەتایبەتی ئەمە یەکەمجارە لەمێژووی عێراقدا شیعەکان بەرەسمی هاوبەشی دەکەن لەهەڵبژاردەکانو لیستی یەکەمی سەرکەوتن بەدەست دێننو دەبنە خاوەنی دەسەڵات. بەداخەوە دەڵێم باسێکی مێژوویی چڕو پڕی لەوبابەتە بەرچاوی من نەکەوت بەزووبانی کوردی، ئەوە ناڵێم کە دەیان کتێبو باسو لێکۆڵینەوە بەزووبانی عەرەبی نوسراون لەو بارەیەوە.

جگە لەوە خۆیشم پێویستم بەهەندی زانیاری هەبوو لەسەر مەزهەبی شیعە، سەرهەڵدانی مەزهەبەکە، ڕێبازەکەیان، دروشمەکانیان، ئامانجەکانیان... تاد ناوبەناویش تێبینی ئەوەم دەکرد هەندێ نووسەر، سوننەو سوننی هەروەها شیعەو شیعی لێك جیاناکەنەوەو تێکەڵ بەیەکیان دەکەن لەنووسینەکانیاندا.

خۆشبەختانە لەسەفەرێکم بۆ دەرەوەی سوید چەند کتێبێکم کڕی، لەناو ئەوانە (وعاظ السلاطین)ی دکتۆرعلی الوردی بوو کە بەشی یازدەی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ کێشەی شیعەو سوننە. ئەم کتێبە دەمێکە چاپ کراوەو دوای کەوتنە بازار، کێشەی زۆری لێکەوتۆتەوەو بەلایەنی کەمەوە بەپێنج کتێبی تر وەڵامی دراوەتەوە. نووسەری کتێبەکە پەنای بردۆتە بەر ژمارەیەکی زۆر لەسەرچاوە بۆ نووسینی ئەم بەشە، لەوانە (علی الوردی، خوارق اللاشعور ج ١ ص ٨، سید الاهل، الخلیفە الزاهد ص ١٠٣، الزمخشری،

الکشاف ج ١ ص ٦٤، لبن حجر، الصواعق المحرقە، ص ٧٢ـ ١٠٨، الشهرستانی، الملل والنحل ج ١ ص ٧٩ ابو فرج الاصفهانی، مقاتل الطالبین ص ٢٤٧، الخطیب البغدادی، تاریخ بغداد ج ١٣ ص ٣٩٨، ٣٢٨ احمد امین، ضحی الاسلام، ج ٢ ص ١٨٤ ج ٣ ص ٢٨٦ سعد محمد الحسن، المهدیة فی الاسلام ص ٨٨ جرجی زیدان، التمدن الاسلامي ج ٤ ص ١١٩، محمد برانق، البرامكة في ظل الخلفاء ص ١٢٦ – ١٢٧ محمد حسین الزین، الشیعة في التاریخ ص ١٩٣ـ٢٢٠.

ئەمانەو دەیان سەرچاوەی تر ناویان هاتووە لەکتێبەکەی دکتۆر عەلی ئەلوەردی کە بەپێویستی نازانم ناوی هەموویان بەرم.

من هەوڵم داوە بەشی یازدەی کتێبەکە (قضية الشيعةو السنة) وەربگێڕمە سەر زوبانی کوردی بەدەستکارییەوە. وەرگێڕانەکە هی تەواوی دەقەکە

نیەو بازم داوە بەسەر هەندێ بڕگەدا کە سەرنج ڕاناکێشێت، یاخود جاری واهەبووە چەند دێڕێکم لەبڕگەیەکدا هەڵبژاردووەو ئەوانەی ترم خستۆتەلاوە چونکە نەمویستووە لەناوەڕۆکی بابەتەکە لابدەم کە مەسەلەی شیعەو سوننەیەو کارم بەوردەکاری تر نەبووە. مەبەست لەم وەرگێڕانە پێشکەشکردنی هەندێ زانیارییە لەسەر کێشەکە، هیوادارم بەدڵی خوێنەرو ڕەوشەنبیری ئازیز بێت. کێ بزانێ کەسێکی لەمن باشتر پەیدا ببێو پیاداچوونەوەی بەشی یازدەی کتێبی ناوبراو بگرێتە ئەستۆی خۆیو پێشکەشی بکاتەوە بەخوێنەران، یان وەرگێڕانەکەی من هەڵسەنگێنێو شەنوکەوی بکاتو بەخامەی ڕەنگینی دەوڵەمەندی بکاتو هەڵەکان ڕاست بکاتەوە بۆ ئەوەی لێوەی فێرببینو سوپاسی بکەین.

ئەم مەسەلەیە هەتا بڵێی ئاڵۆزە بەتایبەتی لەعێراقدا، هیچ وڵاتێك ئەوەندەی عێراقی نەچێشتووە بەدەست ئەم مەسەلەیەوە، ئەم دوو تاقمە هەریەکەیان

خۆی بەڕاستتر دەزانێ لەویترو بەلای خۆیدا دایدەشکێنێ، ئەوەی پێی پەروەردە بووەو لەسەری ڕاهاتووە لەدابو نەریتو بیروباوەڕ، هەر ئەوەی بەلاوە گرنگەو دەیلێتەوەو دەیلێتەوە. بەربەرەکانی و پێکەوە هەڵچوونی ئەمانە جێی پێکەنینە لای مەنتیقی (وتار، وتە، بەلگە) کۆمەلایەتیو بەپێکەوەهەڵچوونی خێڵەکی ناوەزەدی دەکات.

عارف کەریم

ستۆکهۆڵم

۲۰۰۵/۵/ ۳۰

کێشەی شیعەو سوننە

پیاوە ئاینییەکانی سوننە لەسەر بنەمای خێڵەکی ناکۆکیان هەیە، هەرلایە خراپ سەیری لایەکەی تر دەکات. ئەم دوو تایفەیە لەسەرەتادا یەك بوونو دوایی دەسەڵاتدارانو ئامۆژگارییەکانی ئەوان لەیەکی جیاکردنەوە.

لەسەردەمی ئەمەویەکاندا شیعەو سوننە وەکو یەك حزب وابوون، (حزبی شۆڕش) شیعە بەزەبری شمشێرەکانیان شۆڕشیان بەرپا کرد دژی دەوڵەت، کەچی ئەهلی سوننە شۆڕشیان دەکرد بەپشتبەستن بەوتەکانی پەیامبەر. ئەمان بەزوبانیان شتە خراپو ناشیرینەکانیان ڕەتدەکردەوە، ئەوانیتر (شیعە) بەدەست دەیانکرد. ئەوەی شایانی باسە زاراوەی (اهل السنه والجماعه) لەزەمانی موتەوەکیل دەرکەوت، پێشتر

پێیان دەگوتن ئەهلی حەدیس. حەدیسو سوننە لەهەندێك رووەوە لەیەك دەچن.

لەسەردەمی ئەمەویەکاندا هەرکەسێك (سیرە اهل الحدیپ) واتە ئاینو وتەکانی پەیامبەر — ی بخوێندایە، خۆی لەبەرەی دوژمنو دژ بەلایەکەی تر دەبینیەوە.

لەڕاستی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین ئەهلی حەدیس هێندەی شیعەکان دوژمنایەتی دەوڵەتی ئەمەوییان دەکرد. ئەوەی ئەمانی لەشیعەکان جیادەکردەوە ئەوەیە کەپەنایان دەبردە بەرچەکی حەدیس بۆ بەگژداچوونەوەی زوڵمو زۆرو گەندەڵی ئەو سەردەمە.

شۆڕش دووجۆر چەکی پێویستە، چەکی شمشێرو چەکی قەڵەم، هیچ شۆڕشێك لەدنیادا نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ بەبێ قەڵەمی بەهێز (واتە زوبانی بەهێز) بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی لەنێو خەڵکیدا چونکە شمشێر بەتەنها بەس نیە بۆ پشتگیریکردن لەبیروباوەڕی شۆڕشگێڕی. ئەگەر عەقڵی

ڕاوەستاو دانەماڵی لەخەڵکیو بیری ئەوان نەگۆڕی، ئەوا شمشێر بەتەنها ناتوانێ شۆڕشی سەرکەوتوو بەرپا بکات.

عەباسییەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەمەویەکانی پێش خۆیان نەبوو لەڕووی خوێن ڕشتنو تالآنکردنو گەندەڵیو زۆرداری ئەوان، بەشێوە کەمێك جیاواز بوون، ئەگەرنا هەر نەفرەتیان کردەوە لەئەهلی حەدیسو چەوساندوویاننەتەوە. بەدرۆش فرمێسکیان بۆ هەڵڕشتوون، بەڵام ئەهلی حەدیس بەمانە هەڵنەخەڵەتانو زرنگتر بوون لەوەی فێڵێکی وایان بەسەردا تێپەڕێت. ئەوان لەسەر ڕێبازی خۆیان لایان نەداو داوای شۆڕشیان دەکردو لایەنگری خاوەنەکانیان دەکردو چاکەکانی (عەلی) یان لەگەڵ بیروباوەرە کۆمەڵایەتیەکانی ئەودا لەناو خەڵکیدا بڵاودەکردەوە کە دواتر خۆیو ئەولادەکانی لەپێناویدا ڕاپەڕین.

ئیمامە گەورەو ناسراوەکانی دواسەردەمی ئەمەویو سەرەتای سەردەمی عەباسی، بەشیعەکردنیان کردبوە ڕێبازێکی سەیرو بەپێی ڕێبازی عەلیو بیروباوەڕەکانی ئەو خەڵکیان کۆدەکردەوەو گوێیان نەدەدایە ئەو زەرفە خراپەی دەوری دابوون.

لەدوای کوشتنی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، لەناوچەی کوفە شیعەکان بەهێزبوونو پێیان وابوو کەدەتوانن گیان بکەنەوە بەبەری عەلی دا هەروەها گیانی شۆڕشگێری لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا، بۆ ئەم مەبەستە تائیفەی ئەهلی حەدیس یان لەگەڵدابوو، ئەمانە (ئەهلی شمشێرو ئەهلی قەڵەم) ڕاپەرینو توانیان دەوڵەتی ئەمەوی لەناوبەرن. دەوڵەتی ئەمەوی حوکمی خۆی بەزەبری شمشێر ڕاگرتبوو، گوێی نەدەدایە قەڵەمو خستبویە لاوە کەبووە هۆی ڕووخانی، بنەمای دروستبوونی دەوڵەتی ئەمەوی بنەمایەکی خێڵەکی بوو، لەسەر ڕێبازی خەڵکی بیابان دەڕۆشتنو ئەهلی حەدیسیان خستبوە لاوە بەڵام بایەخیان بەشاعیر دەدا

وەکوو چۆن خەڵکی بیابان بایەخیان پێدەدا، بەڵام بیریان چووبۆوە کە شاعیری شاریی وەکو شاعیری بیابان نیەو بەرامبەر بەوەی دەیان وت داوای شتیان دەکرد، بگرە زیاتریش، ئەوانە بەلایانەوە گرنگ نەبوو جنێوبدەن بەوەی دوێنێ مەدحو سەنایان کردبوو، هۆشو بیریان لای ماڵی دنیاو پارەوپوول بوو، لەبەر ئەوە کە دەوڵەتی ئەمەوی ڕووخا، هەموو مەدحو سەناکانیش لەگەڵیدا ڕووخاو نەمان.

ئەهلی حەدیس خراپەی ئەمەویەکانو چاکەی دوژمنەکانیانی تۆمارکردوە کە نەوە لەدوای نەوە خەڵك دەیانخوێنێتەوەو بڕوای پێدەهێنن. مێژووی ئیسلام پڕە لەخراپەکاری، ئەمەویەکانو مێژوونوسەکان کەمێك نەبێت باسی چاکەی ئەوانیان نەکردووە.

عەباسیەکان کە دوای ئەمان هاتن بایەخێکی زۆریاندا بەئەهلی حەدیس بەڵام هیچ پیاوێکیان خۆشنەدەویست کە لایەنگری عەلەویەکانو شۆڕشەکەی

ئەوانیان دەکرد، بێگومان عەباسییەکان شیعە بوون، شیعەچێتی لای ئەوان بۆ (ئەهل ئەلبەیت) بوو کە مەبەست عەلیو ئەولادەکانی بوون، عەباس لای ئەوان پێش عەلیو فاتیمە دەکەوتن، لەمیراتگری پەیامبەردا. مشتومڕەکانی نێوان مەنسوورو محەمەد عەبدوڵڵە ئەلحەسەنی نیشانەو سەرەتایەك بوو بۆ کەرتبوونی هەردوو خێزانیی هاشم کە مەبەست بنەماڵەی عەلیو عەباس بوو، ناکۆکیەکانو شەڕەقسەکان شمشێر وەشاندنی بەدوودا هاتو ئیتر لەوکاتەوە پەیوەندیەکان ئاڵۆزو ڕووی لەزیادبوونەو هەر کەڵەکە دەبێت. ئەم ناکۆکیانە لەبنچینەدا ناکۆکی خێزانیی بوون کە دوایی گۆڕدرا بۆ ناکۆکی مەزهەبی، بۆیە توێژەرەوەکانو لێکۆڵەرەوەکان ناتوانن دیراسەی سەرهەڵدانی ناکۆکیو ململانێکانی نێوان شیعەو سوننە بکەن ئەگەر نەچنە ناو قووڵایی پێشبڕکێو ناکۆکی خێزانییو هەڵسەنگاندنی لایەنە فیکریو کۆمەڵایەتیەکانی.

ئەم دوژمنایەتیە لەسەروەختی ڕەشیددا پەرەیسەند، ئەو پێش ئەوەی خەلافەت بگرێتە دەست بەتوندی ڕقی لەعەلەویەکانو شیعەچێتی ئەوان بوو.

یەکێك لەشاعیرەکانی ئەو سەردەمە پەنای بردە لای بەرمەکیەکان بۆ ئەوەی نزیکی بخەنەوە لەخەلیفە ڕەشید تا شتێکی دەست بکەوێت، وەکوو چۆن شاعیرەکانی تر دەسیان دەکەوێت، پێیان ووت بڕۆ لەشیعرەکانتا هەجوی بنەماڵەی ئەبو تالیب بکەو بەخراپ ناویانبەرە، ئەویش وایکرد وەکو ئەوان ویستیانو دوایی ئەوەی دەستکەوت کە خەونی پێوە دەبینی.

هەر لەسەروەختی عەباسیەکاندا مەئمون ویستوویەتی ناوبژی بکات لەنێوان ئەم دوو خێزانەدا تا ڕێکیان بخات، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. ئەو ویلایەتی عەهدی خۆیدا بەیەکێك لەعەلەویەکان کە ناوی عەلی بن موسا بوو بەڵام عەباسییەکان لێی ڕاستبوونەوەو ڕاپەرینیان لەدژی کردو ناچاریانکرد

بەزووترین کات خۆی ڕزگار بکات لەم کابرایەو قسەوباسیش هەیە کە گوایا ژەهرخواردی کردووە ئیتر ناوبژیو ڕێککەوتنیش لەگەڵ ئەودا مرد.

مەئمون لەگەڵ ئەوەی بەلای عەلەویەکاندا دایدەشکاند، بڕوای وابوو کە عەباس پێشترە لەعەلی بۆ جێگرتنەوەی پەیامبەر، ئەو لەو بارەیە قسەی لەگەڵ عەلی بن موسی دەکردو وشەیان دەگۆڕیەوەو پێی وت: ئەگەر پێتان وایە فاتیمە نزیکی پێغەمبەرە، بەڵام هەق دوای فاتیمە دەگەڕێتەوە بۆ حەسەنو حوسەین کە هەردووکیان زیندوون نەك عەلی.

لەسەروەختی موتەوەکیل دوژمنایەتی نێوان عەباسیەکانو عەلەویەکان گەیشتە ئەوپەڕی، موتەوەکیل چارەی عەلی کوری ئەبو تالیب — ی نەدەویست، ڕقی لێیبوو، هەر موتەوەکیل خۆی فەرمانی دا گۆڕی حوسەینو ماڵەکانی دەروپشتی تێکبدەنو نەهێڵن کەس بچێتە زیارەتی، کە بیستی زمانەوانی ئەو کاتە ئیبن ئەلسەکیت چاکەی حەسەنو

حوسەین دەڵێو بەباش باسیان دەکات، فەرمانیدا زمانی دەرکێشن. دەرچوون نیە لەڕاستی ئەگەر بڵێین کە ئەهلی حەدیس‌و زانا ئاینیەکان (فەقیهەکان) بەشدارییان کردلەو دوژمنایەتیەی کەوتە نێوان هەردوو خێزانی ئەهل ئەلبەیت، کە (بنەماڵەی عەباس) عەباسیەکان خۆیان هەوڵیان دەداو دەیانویست نزیکببنەوە لەوان، بەڵام بێ سوودبوو، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیاوە ئاینیەکان بەگشتی عەلەویەکانیان بەباشتر دەزانی وەك لەعەباسیەکان، ئەمە لەبەر توندڕەوی تایفی‌و خێڵەکی نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو عەباسیەکانیان وەکو ئەمەویەکانی پێش خۆیان سەیر دەکرد لەگەڵ جیاوازیەکی کەم. بەڵام عەلەویەکان شۆڕشگێر بوون‌و نزیکتر بوون لەگیانی ئیسلام وەك لەملکەچکردن‌و چۆکدادان.

مەئمون بەپێچەوانەی موتەوەکیل، خۆی بەستبۆوە بەمەزهەبی موعتەزیلەو فەلسەفەی پێوە دەکردن. موعتەزیلە کۆمەڵە خەلکێك بوون دەیانویست

بیروباوەڕی ئاینی لەسەر بنەمای عەقڵ‌و بیرکردنەوەی مەنتیقی بنیات بنرێ‌و مەئمونیان بەکاردەهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبەکەیان لەنێو خەڵکیداو هەوڵێکی زۆریشیان دەدا لەو پێناوەداو هەر کەسێك جیاواز بوایە لەگەڵیان دەیانچەوساندەوە.

هەرچی موتەوەکیل — ە بەپێچەوانەی موئمونەوە، موعتەزیلەکانی دەچەوساندەوەو بەدوای هەر یەکێکیانەوە بوو، لەپلەوپایە کە پێشتر دەستیان کەوتبوو دووریانی دەخستەوە، یەکێك لەو شتانەی ئەو کردی لەو پێناوەدا، فەرمانیدا بەهاوکارەکانی لەمیسر کە ڕیشی (قاضی القضاة) سەرۆکی دادگا کە لەموعتەزیلەکان بوو، بتاشن‌و ئەتکی بکەن‌و بێزاری بکەن‌و سواری گوێ درێژی بکەن‌و بەناو بازاردا بیگێرن.

موتەوەکیل یەکێك بوو لەخەلیفە هەرە زۆردارەکان لەڕووی خوێنڕشتن‌و سووکایەتی پێکردن‌و کاری خراپەوە، فەرمانی دەدا بەپیاوە ئاینیەکان کە حەدیسی

وا بلێن کاربکاتە ناخی مرۆڤ لەپێناوی سەرخستنی سوننەو جەماعەت، واتە ژیانەوەی سوننەو مراندنی داهێنان. وای لەوانە کردبوو کە پیایدا هەڵبدەنو بەرز بینرخێنو لەکارە خراپەکانی خۆش بن، هەندێك لەمانە دەیانگێڕایەوە کە لەخەویاندا بینیویانە خودا لەکارە خراپەکانی ئەو خۆش بووە. ئەمری دەدا خەڵکی دەست بەرزبکەنەوەو لاسایی بکەنەوە، ئەوەی خەلیفەکانی بەنی عەباس نەیانتوانی سەرکەوتوو بن لەڕاکێشانی ئیمامو فەقیهەکان بەلای خۆیاندا، ئەم توانی بەچەپۆکێك جێبەجێی بکات.

موتەوەکیل سەردەمێکی نوێی دەستپێکرد لەمێژووی ئیسلامدا، دینو دەوڵەت بوون بەیەك سیستەمو ڕژێم، دین لایەنگری دەوڵەتی دەکرد بەقەڵەمەکەی، دەوڵەتیش لایەنگری ئایینی دەکرد بەشمشێرەکەی، خەڵك دەستیان بەرز دەکردەوەو دووعایان دەخوێندو دەیانگوت: (خوایە ئاینو دەوڵەت سەرخەیت).

ڕووداوێکی تری گرنگ هەیە کە بایەخی زۆری هەیە لەگەشەپێدانی بیری ئیسلامیداو نابێ کەم حسابی بۆ بکرێت یاخود لەنرخی کەمبکرێتەوە، کە مێژوونووسەکان لەسنووریکی ئێجگار تەسکدا باسیان لێوە کردووە، ئەویش درێژەدانە بەو ڕێبازەی کە خەلیفە ڕەشیدو مەتەوەکیل لەسەری دەڕۆیشتن. ڕووداوەکە بریتیە لەخەلیفەکانی ئەندەلوس کە هاتنە ناو مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعەتو پێشبڕکێیان دەکرد لە هاندانی فوقەهاو زاناو ئیمامو دانەرەکان. ئەمانە هەستیان بەهەڵەی ئەمەوییەکانی پێش خۆیان کردبوو لەشام کە خۆیان دووردەخستنەوە لەو توێژەی کە ناویان هات.

ئەندەلوسیەکان توانیان ئەو توێژە لەخۆیان نزیك بخەنەوەو کتێبەکانیان بەبەرزترین نرخ بکڕنو هەندێکیان لەڕۆژهەڵاتەوە بانگەشە بکەن بۆ ئەندەلوسو ئیتر وای لێهاتبوو ئەوانەی ناڕەحەت دەبوون، لەوێ باریان دەکرد بۆ ئەندەلوسو ئیتر وای

لێهاتبوو ئەوانەی نارەحەت دەبوون، لەوێ باریان دەکرد بۆ ئەندەلوس بۆ ئەوەی پلەو پایەو دەستکەوتیان زیاتر بێت. ئەندەلوسیەکان لەباسی ئاینیدا لەسەر ڕێبازی ئیمامەکانی وەکوو ئەبی حەنیفەو جەعفەر بەجەعفەرەوە نەنوسێنرێ محەممەدو شافیعی نەدەڕۆشتن‌و زیاتر دەروێشی ڕێبازی مەتەوەکیل بوون کە برێتی بوو لە خۆ بەدەستەوەدان‌و لاسایی کردنەوە (التسلیم‌و التقلید)و ڕێکەوتی هەرکەسێك لەو جەماعەتەیان بکردایە دەریان دەکرد، خۆ ئەگەر لووتیان بەلووتی کەسێکی سەر بەموعتەزیلەوە ببوایە ئەوا دەیانکوشت. جگەلەوە ئەندەلوسیەکان بەشانوباڵی خێزانی ئەمەویەکاندا هەڵیاندەداو بەلای عەلی‌و ئەولادەکانیدا نەدەچوون.

ئەم ڕێبازە نوێیەی ئەندەلوسیەکان کە بەخۆشویستنی ئەمەوییەکان ناوزەرد دەکرێت وردە وردە جێی خۆی کردەوە لەناوەندی زانستی ڕۆژهەڵاتدا. هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی ناوی معاویە

بچێتە دڵی ئەهلی سوننەو جەماعەت لەڕۆژهەڵات، لای ئەوان معاویە لەهاوەڵەکانی پەیامبەر بوو، وەحیەکانی ئەوی دەنووسیەوە.

ئەوەی سەرەنج رادەکێشێ ئەوەیە کە زۆربەی فارسەکان لەوکاتەدا سەر بەئەهلی سوننەو جەماعەت بوون‌و ئەسفەهان ناوەندی ئەوان بوو، بەڵام ئەهلی عێراق کە زۆربەیان شیعە بوون لەناوچەی کوفە خڕ بووبوونەوە. لەبەغداش خەڵکانێك هەبوون، سەر بەملا یا ئەولا بوون، شارەکە بووبوە هێلانەیەك بۆ فیتنە لەنێوان سوننەو شیعەدا، ئاژاوەو فیتنە لەنێوان ئەم دوو تایەفەیە هەتا دەهات ڕووی لەزیادبوون بوو، ساڵێك نەبوو بەغدا ئارامی بەخۆیەوە ببینێ، ناکۆکیەکانی نێوان ئەم دوولایە شێوەی توندوتیژی بەخۆوە گرتبوو، هەر لایەك توندڕەوی دەنواند بەرامبەر بەلایەکەی ترو دژایەتی یەکتریان دەکرد. دەتوانرێت بوترێت ناکۆکی نێوان شیعەو سوننە شێوەی سەرگەرم بوون‌و لەخۆباییبوونی هاوەڵەکان‌و

بنەماڵەی پەیامبەری (عەباس، فاتیمە، عەلی) بەخۆوە گرتبوو، سوننەکان سەرگەرمی هاوەڵەکانی پەیامبەر بوون، شیعەکانیش سەرگەرمی بنەماڵە بوونو ئیتر هەر لایە خۆی هەڵدەکێشا بەسەر لایەکەی تردا. حەدیسێکی پەیامبەر هەیە کە ئەهلی سوننە خۆیان پێوە بەستبۆوە: (هاوەڵەکانم وەکو ئەستێرەی ئاسمان وەهان، کامەیان بگری رێپیشاندەرن، جیاوازی هاوەڵەکانیشم بەزەیی خودایە) لەولاشەوە شیعەکان بەوتەیەکی تری پەیامبەرەوە خۆیان بەستبۆوە: (ئەهلی بەیت وەکوو کەشتیەکەی نووح وایە، هەرچی سواری بوو ڕزگاری بوو، هەرچیش دواکەوت خنکا). سوننە چاکەیان لەهاوەڵەکانی پەیامبەردا دەبینیەوە، شیعەش لەوەی کێ عەلەوی بێت. سوننە شیعەیان بەکەللە ڕەق دەزانی بەوەی هاوەڵەکانی پەیامبەر ڕەتدەکەنەوە، ئەمانیش سوننەیان بەوە تاوانباردەکرد کە دوژمنایەتی ئەهلی بەیت دەکەنو دەست دەخەنە دەستی ئەمەویە دوژمنەکانیان. ئەم ناوناتۆرەیە بووە

دەردێکی کۆمەڵایەتی کە هەرهەمووی لەکەڵەکەبوونی فیکریەوە دروستبوو.

لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا بوەیهییەکان هاتنە بەغداو هەموو شیعە بوون، خەلیفەکانی بەنی عەباس هەموو ئەهلی سوننە بوون، بەم شێوەیە دوو تایەفەی دەسەڵاتدار لەشاری بەغدا پەیدا بوون، خەلیفە سونییەکانو ئەمیرە شیعەکان، ناودارەکانی ئەوکاتەی بەغداش دوو جۆر بوون، عەلەویەکانو عەباسیەکان کە هەریەکەیان سەرگەرمی تایەفەکەی خۆی بوو، لەبەرئەوەی ئاژاوەو پشێویو خوێنڕشتنو دەستدرێژیکردنە سەر ژنان زۆر بوو بوو. ئەهلی سوننە کە بڕوایان بەخەلافەت هەبوو لایەنگری عەباسیەکانیان دەکردو بەسێبەری خودایان دەزانین لەسەر زەوی. شیعەکان بڕوایان بەئیمامەت هەبوو کە لەبنەماڵەی عەلی دا دەیانبینیەوەو لێی دەرنەدەچوون. ئەم دوو تایفەیە (عەباسیەکانو عەلەویەکان) سەرگەرمییو حەماسەتی خەڵکی بەغدادیان بۆ

مەبەستی شەخسی خۆیان بەکاردەهێناو دەیانهەژانن. ئیتر کارەکە لەوە دەرچوو کە شەڕو مشتومڕەکانیان لەسەر بیروباوەڕ بێت، شەڕی ئەمانە، شەڕ بوو لەسەر سەرۆکایەتی.

ناکۆکیە تایفییەکانی نێوان سوننەو شیعە شێوەیەکی توندی بەخۆوە گرتنبوو لەکاتی ناکۆکیەکانی نێوان عوسمانیەکانو سەفەویەکان لەسەر عێراق بەمەرجێك عێراق خۆی سەرچاوەی ئەم ناکۆکیە بوو لەسەرەتاداو دوایی بوو بەناوەندی ململانێی نێوان دوو دەوڵەتی شیعەو سوننە. سەفەویەکان ڕۆڵێکی گرنگیان دەگێرا لەمێژووی شیعەچێتیداو توانیان خەسڵەتە شۆڕشگێڕیەکە لەشیعە داماڵنو بیکەنە مەزهەبێکی ڕەسمی کە هیچ جیاوازیەکی نەبێ لەگەڵ مەزهەبە ئاینییەکانی تردا. فارسەکان پێش دەرکەوتنی سەفەویەکان ئەهلی سوننەو جەماعەت بوون، بزوتنەوەی عەباسیەکان

لەناو فارسەکاندا پەیدا بوو، بەسەرپەرشتیو هەوڵو کۆششی ئەوانیش گەشەی کرد.

ئیمامو پیاوە ئاینیو زاناکانی ئەو سەردەمە هەموو فارس بوون وەکو: نیسابوری، بوخاری، تەرمەزی، رازی، تەبەری، غەزالی، خۆراسانی، شەهرستانی، گەیلانی، ئوسترابادی، خوارەزمی، جرجانی، ئەمەدی، ئەسفەهانی، تەستری،.... .

فارسەکان هەر هەڵگری ئاڵای سەفەوی بوون پێش دەوڵەتی ئەمەوی دەربکەوێت، سەفەویەکان هەموو ڕێگەیەکیان گرتەبەر سەبارەت بەناچارکردنی فارسەکانو ڕاکێشانیان بۆ سەر مەزهەبی شیعە، پەنایان دەبردە بەر چەوساندنەوەو ئازاردانو کوشتنو بڕین لەم پێناوەدا، دروشمی ئەوان لەمەدا (یاعلی) بوو، ئەمەی ئەمان کردیان بەرامبەر بەفارسەکان، هەمان شت بوو کە ئەیوبییەکان لەمیسر کردیان دژی دەوڵەتی فاتمی. شیعە لەسەروەختی سەفەویەکاندا بووە مەزهەبێکی نەتەوەیی لەئێران، کە دواتر ڕەنگی

لووتبەرزیو لەخۆبایبوونی نەتەوەییان تێهەڵسوو تا لەدواجاردا بوو بەبیروباوەڕی دەسەڵاتداران.
سەفەویەکان بۆ پڕوپاگەندەکردن پەنایان بردبوە بەر کۆمەڵێ دەرویش کە خۆیان بەشیعرو قسەی بریقەدار لەهەموو شوێنێکی وڵاتدا بەشانو باڵی ئەواندا هەڵیان دەداو هاواریان دەکرد یا عەلی، بەم شێوەیە هەروەکو چۆن پێشتر بەناوی خواو پێغەمبەرەوە کاریان بۆ بیرەباوەڕو مەزهەبی خۆیان دەکرد، بەهەمان شێوە عەلییان کردبوو بەچەکێك بەدەست خۆیانەوە.
دەسەڵاتدارانی سەفەویو عوسمانی لەبنەڕەتدا جیاواز نەبوون لەیەك، هەردوولا خواپەرستیان دەکردو خواپەرستیشیان بەکاردەهێنا بۆ بەرژەوەندی خۆیان، چالاکییەکانی ئەمانە هاتبوە سەر دروستکردنی مزگەوتو رازانەوەی دیوارەکانیو لەئاڵتوونهەڵکێشانی منارەکانی. بۆ نمونە ئیمامی ئەعزەم لەکەناری لای چەپی ڕوباری دیجلە نێژراوەو ئیمام کازمیش لەکەناری لای ڕاست، خەڵکانی هەردوو گەڕەکی کازمیەو

کێشەی شیعەو سوننە
کورتە باسێکی مێژوویی ...-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.. عارف کەریم

ئەعزەمیە بەمبەرو بەوبەری ڕوبارەکەوەن کە خەریکی جنێودانو سووکایەتیکردنی یەکتر بوون، بەمەرجێك هەردوو ئیمامەکە سەر بەیەك حزبن چونکە دژی دەسەڵاتداران بوون. دەگێڕنەوە ناسرەدین شا (شاهی ئێران) لەساڵی ١٨٧٠دا زیارەتی مەرقەدی ئیمام حوسەینی کردووەو لیی پاڕاوەتەوەو بەدەوریدا گریاوەو فرمێسکی بۆ هەڵڕشتووە هەتا چاوەکانی هیلاك بوون، هاروون ئەلرەشید — یش هەمان شیوەنو گریانی کردووە، کەچی هەردوولایان خوێنڕێژو چەوسێنەرو رەوشت نزم بوون.
بناغەکانی (الاصول) شیعە بوون کە پاشماوەی سەردەمێکی کۆنی بەسەرچوون لەم خاڵانەدا کۆبەند دەبێت.

یەکەم

بڕواهێنان بەئیمامەت: شیعەکان بەچاوی ڕێزوحوورمەتەوە سەیری ئیمامەکانی خۆیان دەکەن کە دەیانگێڕنەوە بۆ ئەولادەکانی عەلیو لای ئەوان ئەمانە هەڵەیان نەکردووەو بێ گوناەو بێ خەتان بۆیە بەرزیان دەکەنەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر لەمەردمو پەنادەبەنە بەر مەرقەدەکانیانو داوای شفاعەتو لێخۆشبوونیان لێدەکەن بەرامبەر بەخەتاو گوناهەکانیان. ئەم زێدەڕۆییە لەپیرۆزیو بەرزڕاگرتنی ئیمامەکان لەسەرەتاوە بیروباوەڕێکی شۆڕشگێڕانە بوو کە دوایی ڕووت بووەوە لە خەسڵەتی شۆڕشگێڕانەو بوو بەبیروباوەڕێکی بەتاڵ لە گیان. مەبدەئی پاکیی، مانایەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە بریتیە لەڕەخنەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەندەڵیو نزمیی دەسەڵاتدارانی ئیسلام. شیعە سەرەتاییەکان لەوانەی بڕوایان بەپاکیی

ئیمامەکان هەبوو، بەرەنگاری خەتاو تاوانەکانی دەسەڵاتداران دەبوونەوە. ئەمە لەوەی ئیفلاتونو فارابیو گەلێکی تر لەفەیلەسووفەکان دەچوو بۆ چاکسازی لەکۆمەڵدا، ئەو دوانە بڕوایان وابوو کە چاکسازی لەکۆمەڵدا دەبێ بکەوێتە ئەستۆی فەیلەسووفێکی پاکو ڕەوشتبەرز.

دووەم

(عەقیدەی) بڕواهێنان بەمەهدی یە، هەر ئەم بڕوایە بناغەیەکە شۆڕشی زۆری لەسەر بەرپا کراوە لەسەردەمە کۆنەکاندا. مەهدی بەمانا کۆمەڵایەتیەکەی مانای شۆڕشگێڕە، ئەو کەسەی خوا هیدایەتی داوە بۆ هەق، بۆ چاکەکردن. لێکۆڵەرو و مێژوونووسەکان سەریان لەوە دەرناچێ کێ یەکەمجار لەمێژووی ئیسلامدا زاراوەی مەهدی بەکار بردووە، هەندێك پێیان وایە لەئەلەسیح وەرگیراوە کە لەتەوراتدا هەیەو دوایی تەعریب کراوە. مەسیحیش بەو کەسە دەڵێن کە

خوا هیدایەتی داوەو لایەنگری خۆی ناردوە بۆ ئەو کەسە کە مانای (مەمسوح)ە.

تەورات باس لەمەسوح دەکات کە خوا دەینێرێ بۆ مۆژدەپێدان بەخەڵکی هەژار، ئەمەی لەتەوراتدا هاتووە نزیکە لەوەی شیعەکان بڕوایان پێیەتی دەربارەی (مەهدی).

هیواو ئاواتو خەونی چەوساوەکان لەهەموو کاتو شوێنێکدا وەکو یەکن، ئەوەی زوڵمی لێدەکرێو ناتوانێ تۆڵەی خۆی بسەنێتەوە، پەنا دەباتە بەر بڕواو ئیمانو بیروباوەڕی خۆی، لەناو ئەوانەش بڕواهێنان بەئەفسانەو خەیاڵو بیرکردنەوەی بێسەرو شوێنو بەو پێیە کۆشکێك لەخەیاڵو هیوا بۆ خۆی دروستدەکات.

کێشەی شیعەو سوننە
کورتە باسێکی مێژوویی -.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.- عارف کەریم

سێیەم

بریتیە لە سوننەتی (التقیة)، واتە خۆبەدەستەوەنەدان، خۆپاراستن، پێداگرتن، کە خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە سەرەتاوە لەگەڵ جووڵانەوەی شۆڕشدا دەرۆیشت. شیعە کۆنەکان پەنایان دەبردە بەری بۆئەوەی تەنگ بەدەوڵەت هەڵچنن. مامۆستا موسی جارالله دەڵێ: تەقییە لەئایندا جیاوازی نیە لەگەڵ (نێوان تێکدان). شەڕکەرێك (موجاهید) لەڕێی ئایندا دەڵێ: تەقییە راستو درووست بوو لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا، ئەو کاتەی قورەیشییەکان موسڵمانەکانیان دەچەوساندەوە. بەڵام دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلام بەهێز بوو ئەوا تەقییە درووست نییە. بەهەرحاڵ لەم چەرخەدا تەقییە خەسڵەتی شۆڕشگێرانەی خۆی ونکردووەو بەسەریش

چووە، شیعەکانیش ئێستا شتێکی ئەوتۆ لەسەر شۆڕش نازانن.

چوارەم

(عزاء الحسين) واتە پرسەو شیوەن‌و گریان بۆ گیانی حوسەین کە لەسەرەتادا دروشمێك بوو بەرز دەکرایەوە بۆ پڕوپاگاندەکردن‌و تۆڵەسەندنەوە لەدەوڵەت‌و وای لێهات بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار ببێتە چەند بۆنەیەکی ئاینی کە هیچ مانایان نییە.

کۆن شیعەکان لەژێر زەمیندا کۆدەبوونەوە بۆ بەسەرکردنەوەی ئەم ڕۆژە ڕەشەی خۆیان‌و لەوێ لەناو خۆیاندا باسی حوسەین‌و ئەو زوڵم‌و زۆرە دەکرا کە لێی کرابوو، هەروەها باسی چەوساندنەوەی خۆیان دەکرد کە دەوڵەت لەهەموو قۆناغەکاندا پەنای دەبردەبەر.

وەرزی زیارەت‌و دیدەنی لەکەربەلا وەکوو وەرزی چوون بۆ حەج وایە لەڕووی زۆری خەڵکەوە کە زوو

زوو بۆی دەچن، بەڵام دیدەنیەکەی شیعەکان لەهەندێ ڕووەوە جیاوازە وەك لەحەج چونکە لەناخیاندا تۆوی شۆڕشێکی دامرکاویان پێیە، ئەوەی ئەم دیمەنە ببینێ لەکەربەلا هەست بەمەترسیەکی شاراوە دەکات.

موتەوەکیل ڕۆژی خۆی هەوڵیدا ئەم مەترسیە نەهێڵێ، مەرقەدی ئیمام حوسەینی ڕووخاندو زەویەکەی کێڵا و ئاوی کردە سەر. کەچی سەرکەوتنی تەواوی بەدەست نەهێنا، خەڵکی بەنهێنی دەهاتن بۆ زیارەت‌و لەو پێناوەشدا نەفەس درێژ بوون، گۆڕی حوسەین مایەوە لەگەڵ ئەم هەموو دەست درێژییەداو خەڵکیش تینوێتیان نەشکاوە،. پێشتر شیعە خوازەکانمان شوبهاند بەکێوێکی ئاگر پژێنی (برکان) دامرکاوەو ڕۆژێك لەرۆژان وەهابوون‌و وردە وردە بوونە کێوێك کە تەنها نەختێك دووکەڵی لێبەرز دەبێتەوە. کێوی ئاگر پژێنی دامرکاو بەتاڵ نیە لەمەترسی چونکە لەناوەوەی خۆیدا ئاگری تێدایە، بەڵام کەس نازانێ کەی جارێکیتر دەتەقێتەوە.

ئیمام پەرستەکان ئەوەی هەموو شیعە بڕوایانی پێهێناوە وا هەڵکەوتوون کە دەست لەرەخنەگرتن لەفەرمانڕەوایان هەڵنەگرنو وەکوو ئۆپۆزسیۆن لەبەرامبەریاندا راوەستنەوە بەدرێژایی مێژوو، ئەوان بڕوایان وایە کە حکوومەت ناسنامەی سیاسی هەرچیەك بێ هەر چەوسێنەرو زاڵمنو ئەو کاتە دەست هەڵدەگرن کە ئیمامێکی سەر بەبنەماڵەی عەلی دەسەڵات بگرێتە دەست.

ئەو بەرنامەیەی ئەوان پێیانە بۆ رژێمی حوکم نموونەیەکی زۆر بێ وێنەیەو لەخەیاڵو خەو دەچێت نەك واقیع، بۆیە هەمیشە لەیاخیبونێکی بەردەوامدا بوون، پێوانەو هەڵسەنگاندنی ئەمان بۆ ئیمامو ئیمامەت چۆنە، هەمان شتیان دەوێت بۆ فەرمانڕەواو دەسەڵاتداران.

ئیمامو زاناکانی شیعە هیچ شتێکی حکوومەتیان قەبووڵ نیەو بۆ بژێوی خۆیان پشت بەسەرچاوەی خەڵکی سەر بەخۆیان دەبەستن، تەنانەت شیعە

زاناکانی ئێرانیش یارمەتی لەمیللەتەوە وەردەگرنو هیچی حکومەتی ئێرانیان قەبووڵ نیە بەمەرجێك حوکم لەئێراندا بەدەست شیعەوەیە. ئەم توێژە ئەگەر هاتوچۆی دەزگاو دایەرەکانی حکومەت بکەن ئەوا لەبەر چاوی خەڵك سووكو بێ نرخ دەبنو بەسیخوڕ (جاسوس) ناویان دەبەن. نەفرەتکردن لەحکومەت لەلایەن شیعەوە بۆتە گرێیەکی نەفسی، زۆر زەحمەتە بۆ زانا شیعەکان لەحکومەت نزیك ببنەوە لەو کاتەدا کە ئەوان مەبەستیانە رێزو حورمەتیان لای خەڵکی بمێنێ. ناشیرینترین توومەت کە بخرێتە پاڵ شیعەکان ئەوەیە کە پێیان بڵێن موچە لەحکومەت وەردگرن.

زانا شیعەکان شانازی دەکەن بەوەی دەرگای کۆششکردنو خۆهیلاککردنو خۆبەختکردن لای ئەوان کراوەیە، بەلام لەراستیدا سوودیان لێوەرنەگرتووە. ئەوان لەپەیداکردنی رزقی خۆیاندا پشت بەخەڵکی دەبەستن، خەڵکیش حەزیان بە نوێکردنەوەی ئەو دابو نەریتو بیرو باوەڕانە نیە کە لەبابو باپیریانەوە

بۆیان جێماوە. کۆششکەرێکی شیعی هەقی دراوەتێ نوێکردنەوە بکات لەشەریعەتدا بەڵام نایکات چونکە دەترسێت خەڵکی لێ راست ببێتەوەو نان بڕاو بێت.

شیعەکان میراتگری موعتەزیلەن لەبیری فەلسەفەو ئازادی بیرکردنەوە، ئەوەی کتێبەکانی شیعە دەربارەی بناغەکان (الاصول) بخوێنێتەوە، فەلسەفەی موعتەزیلەی بەئاشکرا تێدا دەبینێتەوە.

کێشەیەکی تری شیعە ئەوەیە کە زاناکان لەنێوان خۆیاندا گفتوگۆ دەکەنو زانیاری دەگۆڕنەوە بەڵام لەبەردەمی خەڵکیدا ئەو کارە ناکەن، لەبەر ئەوەی دیوی ناوەوەیان تێکۆشانە بەڵام دیوی دەرەوەیان لاسایی کردنەوەیە. بەدەگمەن شیعەیەکی خۆبەختکەر دەبینی کە بیری ئازادی خۆی دەربڕێ لای خەڵکی. ئەم خۆبەستنەوەیەی ئەوان بەزۆربەی خەڵکەوە وای لێکردوون پشتگیری لەشۆڕشەکانی ئەوان بکەن دژی دەسەڵاتداران.

لەبڵاوکراوەکانی
ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

ز	بڵاوکراوەکان	نوسەرو وەرگێڕ	ساڵی چاپ
٣٢٥	حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة	كاوسين بابكر	٢٠١٠
٣٢٦	المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق	عبدالصمد رحيم كريم زنگنه	٢٠١٠
٣٢٧	جلال طالباني ـ مواقف و آراء	صلاح بروارى	٢٠١٠
٣٢٨	قراءة البعث للفاشية التأريخية	د. البرت عيسى	٢٠١٠
٣٢٩	٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە	حاكم قادر حمەجان عزيز	٢٠١٠
٣٣٠	پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆدارشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك)	عوسمان حەمە رەشید گوورون	٢٠١٠
٣٣١	ئاغاو شێخ و دەوڵەت	و. کوردۆ عەلی	٢٠١٠

٣٣٢	مێژووی فەلسەفە	و. لەسوێدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گوورون	٢٠١٠
٣٣٣	طالباني جورج واشنطن العراق	خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي	٢٠١٠
٣٣٤	العدالة بين الفلسفة والقانون	اسماعيل نامق حسن	٢٠١٠
٣٣٥	حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية	د. كاظم حبيب	٢٠١٠
٣٣٦	المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة	زبير رسول احمد	٢٠١٠
٣٣٧	الطبيعة القانونية لعقد الزواج	زبير مصطفى حسين	٢٠١٠
٣٣٨	ئايين و دەسەڵات	هاشم کەریمی	٢٠١٠
٣٣٩	فیمینیزم	ڕەسول سوڵتانی	٢٠١٠
٣٤٠	سياسة التعريب في قضاء شنكال	بيان محمد سعيد	٢٠١٠
٣٤١	الامن و مستقبل السياسة الدولية	فرهاد جلال مصطفى	٢٠١٠
٣٤٢	زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و	ئومێد قەرەداغی	٢٠١٠

	شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی		
٣٤٣	مسرحيات و تحليل	فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان	٢٠١٠
٣٤٤	رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية	زانا رفيق سعيد	٢٠١٠
٣٤٥	کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (١)	ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی	٢٠١٠
٣٤٦	سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢)	خەلیل عەبدوڵڵا	٢٠١٠
٣٤٧	ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣)	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١٠
٣٤٨	گۆڤاری کەلتور		٢٠١٠
٣٤٩	ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢)	ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن	٢٠١٠
٣٥٠	ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو		٢٠١٠

	ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤)	تەحسین نامیق	
٣٥١	بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥)	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١٠
٣٥٢	ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦)	ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر	٢٠١٠
٣٥٣	نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧)	ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی	٢٠١٠
٣٥٤	خانقين .. حكايات اعوام الرماد	يوسف يوسف	٢٠١٠
٣٥٥	بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان	رامیار مەحمود	٢٠١٠
٣٥٦	الدولة الايوبية في اليمن	د. فرست مرعي	٢٠١٠
٣٥٧	سپینۆزا	ن. هاشم صالح	٢٠١٠

		و. ئارام ئەمین شوانی	
٣٥٨	پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی	ئامادەکردنی عادل عەلی	٢٠١٠
٣٥٩	الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان	د. شورش حسن عمر	٢٠١٠
٣٦٠	ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠	مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبییەوە: یاسین عومەر	٢٠١٠
٣٦١	المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١	فريد اسسرد	٢٠١٠
٣٦٢	گۆڤاری کەلتوور		٢٠١٠
٣٦٣	نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا	ئامادەکردنی: سالح رەحمان	٢٠١٠

٣٦٤	الموسوعة الكرد الصغرى	كنياز ابراهيم ميرزويف ت. عن الروسية: احمد حيدر علي	٢٠١٠
٣٦٥	پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢)	ڕێبین حەسەن	٢٠١١
٣٦٦	ميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣)	د. شورش حسن عمر	٢٠١١
٣٦٧	جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤)	مەلا بەختیار	٢٠١١
٣٦٨	پەیدابونی عەلمانییەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥)	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١١
٣٦٩	ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦)	ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاکر	٢٠١١
٣٧٠	سیاسەتی روسیای قەیسەری		٢٠١١

	بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤)	هەستیار کەمال کوردی	
٣٧١	المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية	بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي	٢٠١١
٣٧٢	کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی	ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: کارزان کاوسێن	٢٠١١
٣٧٣	هەواڵنامەی کوردستانی عیراق	ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد	٢٠١١
٣٧٤	ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم	ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. کوردۆ عەلی	٢٠١١
٣٧٥	تاريخ الفكر الكردي	مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علی	٢٠١١
٣٧٦	ڕۆژنامەنووسی کوردی لە	هەڵەت خەسرەو	٢٠١١

	کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥)	هەمەوەندی	
٣٧٧	مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢)	نەوزاد عەلی ئەحمەد	٢٠١١
٣٧٨	سیاسەتی گۆڕینی ڕووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧)	د. نوری تاڵەبانی	٢٠١١
٣٧٩	ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨)	ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد	٢٠١١
٣٨٠	ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩)	بەختیار جەبار شاوەیس	٢٠١١
٣٨١	بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠)	عابد خالد ڕەسول	٢٠١١
٣٨٢	سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١)	ن. عەبدوڵلا عەنزی و. سەردار عبدالکریم	٢٠١١
٣٨٣	کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری	خەلیل عەبدوڵلا	٢٠١١
٣٨٤	تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان	عادل عەلی	٢٠١١

٣٨٥	چرای ماڵە هەژارەکان	ئامادەکردنی: عەلی جۆلا	٢٠١١
٣٨٦	کەلتور – ژمارە (٣)		٢٠١١
٣٨٧	سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت	نوسینی : ئاستین کلاین و. لەفارسیەوە: کاوسێن بابەکر	
٣٨٨	کوردستان	نەوزاد عەلی ئەحمەد	٢٠١١
٣٨٩	دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي"	تاليف: حسن ارفع ترجمة: عبدالرزاق محمود القيسي	٢٠١١
٣٩٠	کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد	ن: نوری تاڵەبانی و. شاناز رەمزی	٢٠١١
٣٩١	گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١١
٣٩٢	سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا	و. مظفر عبدالوهاب	٢٠١١
٣٩٣	کورد گەلێکی بێ دەوڵەت زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١)	ئەنوەر حسێن بازگر	٢٠١١

٣٩٤	لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی	ن. د. جین شارپ و. کارزان محمد	٢٠١١
٣٩٥	مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان ژ. ز. هۆشیاری (٢٥)	ئەنوەر حسێن بازگر	٢٠١١
٣٩٦	فلسفة الديمقراطية الاجتماعية ژ. ز. هۆشیاری (٢٦)	د. حميد عزيز ت: محسن بنی ویس	٢٠١١
٣٩٧	دەوڵەتشاری دێرین ژ. ز. هۆشیاری (٢٧)	ن. مۆریس بارییە و. عوسمان حەسەن شاکر	٢٠١١
٣٩٨	ئاین‌و سیاسەت ژ. ز. هۆشیاری (٢٨)	ن. نینیان سمارت و. یاسین عومەر	٢٠١١
٣٩٩	بەجینۆسایدناسینی ئەنفال ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩)	خەلیل عەبدوڵڵا	٢٠١١
٤٠٠	جیۆپۆلەتیکی کوردستان ز. هۆشیاری، ژ. (٣٠)	فەرید ئەسەسەرد	٢٠١١
٤٠١	دیموکراسی‌و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی، ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٣١)	ن. حەمید حسێن کازم ئەلشەمەری و. عادل عەلی	٢٠١١
٤٠٢	ثورة كوردستان ومتغيرات	حكمت محمد كريم	٢٠١١

	العصر (طبعة ثالثة)	(ملا بختيار) ترجمة و مراجعة: د. بندر علي اكبر	
٤٠٣	ئەرکـــــەکانی خـــــەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا	مام جەلال	٢٠١١